# شەونم

هۆنراوەی (89)

**سحرگاهان که مخمور شبانه**

بەیانی کاتی مەخمووری شەوانە
لەبادەم دا لەگەڵ تار و تەرانە
مەیم کردۆتە تێشووی رێگە بۆفام
دەکەم بۆشاری مەستانی رەوانە
لەمەی ئەو دڵبەرە جامێکی دامێ
لەبیرم چوو فڕ و فێڵی زەمانە
قەدەحگێڕی کەوان ئەبرۆ وتی پێم
کە ئەی بۆ تیری لاتاوان نیشانە
کەمەرموو بۆ کەمەربەندی نەبوو سوود
نەڵێی من هەم لەحاندی ئەو میانە
بڕۆ ئەو داوە دانێ بۆ مەلی دی
کە شاهۆ گەورەیە و بەرز ئاشیانە
نەدیم و موتریب و ساقی یەکێکە
خەیاڵی ئاو و گڵ بوونە بەهانە
گەمی مەی بێنە بۆمان تا رەها بین
لەدەس دنیا کە وەک دەریای خەمانە
موعەممایێکە بوونی ئێمە حافز
کە بانۆکی عەقڵمان لێی نەبانە

حافزی حەقیقی